
سەید حەکیم لەگەڵ بالیۆزی تورکی لە بەغدا ڕێگاکانی پتەوکردنی پەیوەندی و هاریکاری هەرەمی دووپات دەکاتەوە



بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی، پێشوازی لە بەڕێز ئینیل بۆرا ئینان بالیۆزی تورکیا لە بەغدا دەکات، لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو وڵاتی عیراق و تورکیا و چەنیەتی پێشخستنی کرا بە شێوەیەك کە خزمەتی هەردوو گەلی دەست بکات.

سەماحەتی حەکیم لەم دیدارە گرنگی قسەنەوەی هاوبەش مەزووبیەکان و جوگرافیا و ڕۆشنبیری بە پتەوکردنی پەیوەندی بەغدا و ئەنقەرەی خستە ڕوو و ئاماژەی کرد کە پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە کاریگەری ئەرێنی لەسەر سەقامگیری و گەشەسەندنی ناوچەکە هەموو دەبێت.

لەهەمان ڕووانگە، سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پرۆژەی ڕێگای گەشەسندن، بەو پێیەکە پرۆژەیەکی ستراتیژی و نەودەوڵەتییە کە دەتوانێت پێگەی ئابووری عێراق پتەوتر بکات و خزمەتی بەرژەوەندیەکانی گەلی عیراق بە هەموو پێکهاتەکانی بکات.

سەبارەت بە دۆسیەی ئاو، سەید حەکیم داوای کرد ڕێچاوی دۆخی کێش و هەوای سەخت بکرێن کە عێراق بەهۆی بەرزی پلەکانی گەرما ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەبێ پێویستە ڕێکەوتنە هاوبەشەکان سەبارەت بە بەردانەوەی ئاو ئەکتیف بکرێن، کە ئەوەش دادپەروەری لە پەداویستیەکانی گەلی عیراق بەدی دەهێنێت.

.لەم دیدارە سەبارەت بە گرنگی کاملبوون لە بواری وزە خرا ڕوو و بەپێویست زانرا کە ئەو ڕکابەریانەی بە هەڵی هاوبەس بە خزمەتی هەردوو لا بگەڕێت، دووپاتیشی کردەوە کە عیراق و تورکیا توانای گەورەیان هەیە بە ئەوەی بتوانن لەم بوارە ئەکتیڤە بیخەنە گەڕ.

سەبارەت بەدۆخی ناوچەکە، بەڕێز حەکیم پشتیوانی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە سوریا و بەهێزکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی و دەستبەرکردنی مافەکانیان دەربڕی، هەروەها پێشوازی خۆی بۆ بەیاری پارتی کرێکارانی کوردستان دووپاتکردەوە بۆ هەوڵشاندنەوەی خۆی و چەک دانان و ئەمنی بۆ هەنگاوێکی ڕاست بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێ وەسف کرد، هەروەها ئاماژەی بە پێویستی هاوکاری هاوبەش کرد لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێوەکانییەوە و تەئکیدی لەوە کردەوە کە عێراق خاوەنی داتابەیسێکی بەرفراوان و ئەزموونێکی مەیدانی فراوانە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و سەرجەم تاکتیکەکانی تیرۆرستان.

لەکۆتاییدا سەید حەکیم لەم دیدارە دووپاتی لەسەر گرنگی هەڵبژاردنی داهاتوو کردەوە و بە یەکلایی کردەوەی وەسفکرد لەبەر ئەوەی هەڵێکی گرنگە بۆ چەسپانی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و درێژەپێدانی

چەرخی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە لەعیراق.